# ماڵئاوا نیشتمانە غەمگینەکەم

**عومەر جەلال_سوریا**



لەتەمەنی شەشساڵیدابووم بۆیەکەم جار هاتم بۆ شار و جیهانێکی خەیاڵی داگیری کردم,بینینی شار بۆمن یەکێك بوو لەو شۆکە گەورەیەی کە تا هەنووکە ڕامانێکی گەورەی لە هزرمدا داگیر کردووە ,وەك هەموو منداڵانی گەڕەك ومنداڵێکی بێنازی باوك درێژەم بە ژیانێکی لێوان لێو لە تەنیایی و دردۆنگی دا,خەمێکی لەمێژینەی من فڕینە ئیدی گرنگ نییە بۆ هەرکوێ بێت گرنگ ئەوەیە بە ئاسمانی کوردستاندا دوایین نیگام لەو کۆلارانە بێت کەلەدەستی منداڵە یاخیەکان دەزووەکەی بچراوە و لەچاوەڕوانیدان,تەماشای گۆڕی بێ ئومێدی شەهیدەکانی شەڕی ناوخۆ دەکەم پەشیمانیەکی ئەفسووسی پێوەدیارە ,غەمبارم بۆ جێ هێشتنی هاوڕێ ئازیزەکانم ئەو هاوڕێیانەی ئێواران بە کۆڵێك پەشیمانییەوە لەدەرگای ماڵەوە دەدەن و بەنیازی سەفەری مەرگ دەنوون ,بێ ئومێدم لەوەی بەسانایی جارێکی دی هاوڕێکانم ببینمەوە ,ئیدی گەندەڵیەکانی نیشتمان نابینم و ئاگاداری شەقامەکانی شار نامێنم و دڵنیام هەروەك خۆی دەمێنێت و ناگۆڕێت ,گۆڕان لە کولتووری ئێمەدا تەنیا و تەنیا بەڵێنە و هیچی دی, نیشتمان هەمیشە لە دوورەوە قەشەنگە و ئازاری ئێمە دەدات ,نیشتمان وەك و ئەو کچە دڵرەقانەی کە قوتابی زانکۆ بووین و هەموو رۆژێك لەتەك بەیانی باشدا ڕەدی دەکردینەوە ئاوها نیشتمان ڕەدمان دەکاتەوە,نیشتمان فێری سەفەری کردین و فێری کردین بێ ماڵئاوای دایك جانتاکانمان کۆکەینەوە و هەرگیزاو هەرگیز بەخەیاڵیش نۆستالژیا نەبێتە بەشیك لەشوناسمان.

من دڵنیام ئەوەندەی دەسەڵاتە لاوازەکەی نیشتمان بێ ڕێزی کرد بەرانبەرمان نیو هێند نیشتمان نەیکرد ,ئەندامی حیزبەکان هەموو زەویەکانی نیشتمانیان لێ داگیرکردین و کەلاوە کۆنەکانی پاشماوەی هەڵەبجە و ئەنفالیش ترسی ئەوەیان هەیە بازرگانی بکرێت بەناویانەوە هەروەك و چۆن هەڵەبجە و ئەنفال بووە سیمبولێك بۆ پەیداکردنی داهاتێکی گەورە بۆ دەسەڵات,**ئێمەی گەنجی یاخی کە پارکێك نەبێت جگەرەیەکی تێدا بکێشین ,زانکۆیەك نەبێت فێری زانینمان بکات و قوتابخانەکان فۆبیا بەرهەم بێنن ,بۆ بەرەو مەنفا نەڕۆین وەك هاورێکانمان؟**

ئێمە سەفەر دەکەین و بە دەسەڵات ئێژین رۆژێك دێینەوە بەم ئەندازەیە پەسەندتان ناکەین,ناهێڵین نیشتمان وێرانتر بکەن وەکو کردتان , رێگای تاریکی دۆزەختان نیشانداین و بەتۆبزی دەرگای سەفەرتان لێکردینەوە ,تەنیا بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆتان نیشتمان وێران بکەن و داهاتی هاولاتیان هەمیشە بکەنە گیرفانەکانتانەوە ,ئەو گیرفانانەی لەشاخدا دڕاو بوو و هەنووکە پڕبووە و جێگای پارەی تێدا نابێتەوە .

من دڵنیام هەر گەنجێك نیشتمان بە جێ بهێڵێت هەرگیزاو هەرگیز بەخەیاڵیش یادی کەلاوە رووخاوەکانی پاشماوەی قوربانیەکان وپەرلەمانە مردووەکەی کوردستان ناکات,هەر گەنجێك دەستی لە پرچی هەر وولاتێکی دەرەوەی کوردستان بدات جارێکی دی بۆنی نیشتمان ناکاتەوە و دەزانێت ژیان لەدەرەوەی نیشتمان چ مانایەکی دیکەی هەیە (بەدڵنیاییەوە هەموو کەسانی تاراوگەبوو خەون بە نیشتمانەوە دەبینن و خوازیارن لە نیشتمان مەرگ هەڵبژێرن کەچی هەرگیز دڵیان نایات ئەو بەهەشتە بەردەوامە جێ بهێڵن هەروەك چۆن ئەو بەرپرس و گەندەڵ و بازرگان و ئەندامی حیزبەکان بەزۆر دەریان بکەیت لە نیشتمان ئارەزووی جێ هێشتنیان نیە, وەلێ ئەوەی لە سایەی حیزب و گەندەڵییەوە بەدەستی دێنن هەرگیز دەرەوەی نیشتمان ناتوانێت پێیان

ببەخشێت .
بەبێ بەڵگە گۆڤارێکی تورکی نانوسێت هەرێمی کوردستان لەچەند ساڵێکی دیکەدا جێگای هەژارەکانی تێدا نابێتەوە و هەموو داهاتی هاوڵاتیان لەدەستی چەند کەسێکدا قۆرخ دەبێت و ئەوانی دی دەبێت بەناچاری رێگای مەرگ هەڵبژێرن ,دیارە ئەم راپرسی و ئامارە لە رێگای ئەو هەموو کۆمپانیا تورکیانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان و بەشدار دەبن لە تەك چەند بەرپرس و کەسێکی گەندەڵ و دەبینن چەند بەسانایی داهاتی کوردستان بە _با_ دەچێت .چەندین گۆڤار و رۆژنامەی ئەمریکی و ئەوروپی رەخنەیان لەدەسەڵاتی کوردی هەبووە و بەبەڵگەوە رەخنەیان لە پرۆتیستۆکردنی مافی ئازادی بیروڕا و بوونی چەند زیندانیەك هەڵوەستەیان کردووە.دژی ئەو هەڵوێستە ناشایستانە بوونە بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان و ئەوانی دی دەکرێت ئەمە لە دیدگای دەرەوە چ جای ئەوەی لە کوردستان ئەو هەموو ئافرەتە دەکوژرێت هیچ کەس و لایەن و حیزب و تەنانەت پەرلەمانیش خۆیان ناکەن بە خاوەنی.ئەمانە دەبنە فاکتەرێکی نێگەتیف بەلاشەی گەندەڵی دەسەڵاتی کوردیەوە .
خەمی نیشتمان بووەتە خەمێکی گەورە لە رۆحی هەر یەکێکماندا رەنگی داوەتەوە و جگە لەوانە نەبێت کە خۆیان بە خاوەنی ئەم نیشتمان وێرانە دەزانن و لەپڕ هاتنە سەر خوانیی ئامادەبوو ,هەنووکە هەرێمی کوردستان لە ساتێکی زۆر هەستیار و قەیرانی نەتەوەییدا دەژێت ,ئەم دۆخەش ئەگەری کاردانەوەی نێگەتیفی لای کۆی هاوڵاتیان درووست کردووە و ئەوەندەی نەماوە نیشتمان لەگەنج خاڵی ببێتەوە ,گەنجی ئەمڕۆش جودایە لەگەنجی دوێنێ ,پەسەند نەکردنی سیستمی لاوازی ئەم دەسەڵاتە یەکێکە لە کرۆکی مانیفێستی گەنجی ئەمرۆ.

omerjelal@yahoo.com

---

لەهەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە (332) ی 2007/6/27 بلاوبووەتەوە